# ئایا لیستەکان مانای بڵاوبونەوەی دیموکراسی یە !؟

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

بوونی نزیکە228 لیست لە کەسایەتی و گروپ و حیزبی ئایدۆلۆژی و سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ 21 کوالسیۆن و هاوپەیمان بۆ هەڵبژاردنەکانی مانگی دیسەمبەری 2005 کە دەوڵەتی عیراق لەحوکم و قۆناغێکی هەستیاری ئینتیقالیەوە ئەکاتە دەوڵەتێکی چەسپاوو جێگیر، ئەم دۆخەش ماناگەلێکی هەیە کە سادەترینیان ئەوەیە کە ئەم هەڵبژاردنە زۆرێك لەو دەستانە کەشف ئەکات کە خوازیارن عیراق بکەنە کۆمەڵگای پڕگێرمەو کێشەو تیرۆر یان عیراق بکەنە سەرزەمینی مرۆڤدۆستی و ئاشتی و دەوڵەتی یاسا.

بەو پێیەی کە ئەمجارەیان جیا لە هەڵبژاردنی 30کانونی دووەمی 2005 کە سوننەکان بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد و بەم هەڵوێستەش ئاست و کێرڤی کووشتن و تەقینەوەو یاخیبونەکان لە عیراقدا زیادی کرد، ئەمجارە یان کاتێ سوننەکان بە سەنگێکی سیاسی و بڕوایەکی ئاینی و ئەرکێکی قیامەتی و شەرعیەوە بەشداری ئەکەن بۆخۆی ئاماژەیەکی تازەو پۆزەتیڤە بە ئاراستەی رەنگاو رەنگ کردنەوەی عیراق و رێگرتن لە ئینفرادیەتی حوکم، ئەگەرچی ئەم هێزانە لەوە بێتوانا ترن کە بتوانن کۆمەك بن بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکراسی راستەقینەو دەوڵەتێکی عەلمانی،چونکە باوەرو عەقیدەیان بە شەرعیەتی یاسایی و جەماوەریی نییە ئەوەندەی پشت بە شەرعیەتی ئاین و تێزو تەقسە مەزهەبیەکان ئەبەستن.

لە لێدوانەکانی بەرپرسە ئەمریکیەکاندا ئەو تۆنە ئەبینرێت بەتایبەتی زاڵمای خەلیلزاد باڵوێزی گەورەی ئەمریکا لە عیراق کە هەوڵێکی زۆریاندا بە ئاراستەی ئاشتکردنەوەی دەنگی سوننەکان و هەندێ باڵی موحافیزکاری بەعس لە نێو سوپاو دامەزراوەکانی تردا بۆ هاوسەنگکردنەوەی هێزە دینیەکان لە عیراقدا.

ئەمریکا لەم هەوڵەدا کە بۆتە پاڵنەرو مۆتیڤی بزواندنی هێزی سوننە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ چەند ئامانجێکی هەیە کە دیارترینیان لاوازکردنی ئەو هەژموونە مەزهەبسالاریە مەغرورەی شیعەکانە کە ماوەیەکە لە سەر دەستی هێزە باڵادەستەکانیان پێراکێشی و سنور بەزاندنێکی لاسارانەیان کردوە بە نەزەری ئەمریکیەکان، هەر بۆیە ئەمریکیەکان نایانەوێت ئەمە بۆ شیعە بچێتە سەرو بۆ ئەم مەبەستەش تاکە خیارو تاکە فشار کە وەك کارتێکی سیاسی فرەی بدەنە گۆرەپانەکەوە

کە بەدەربرینێکی تر پرسی سوننەی لادراوو عاجزبوی دوای 9ی نیسانە کە بەتەواوی ئەم پەراوێزبوونە بەلانسی هێزو سەرکەوتنەکانی ئەمریکای لە عیراقدا لاوازکرد، رەنگە کاتی ئەوەش بەسەر چووبێت کە تەنها رەنگ و تەنها مەزهەب و بیرێکی تۆتالیتاریانە بتوانێت کۆنترۆڵی عیراق بکات!؟ وە رێگە پێدراویش نیە لە دیدی ئەمریکیەکانەوە کە ئێستا باڵادەستی سێبەرن.

دەشێت دەستوریش بنوسرێت و هەڵبژاردنیش ئەنجام بدرێت، بەڵام ماف و داخوازی و خەون و ئازادیە سیاسی و مۆراڵی و کۆمەڵایەتیەکان دوابخرێت، ئەمە ووتەزایەکی ئاسایی نیە بۆ ئێمەی تاکی کوردی ئەوەندەی هەڵگریی تراژیدیاوفۆبیایەکە بۆ ئایندەی هەرێمەکەمان، تاکە شتێك بۆ گەلی کورد کە تائێستا کەمتەرخەمیمان لە ئاستدا کردوە مەسەلەی پرسی دەستوریی هەرێمی کوردستانە کە ئەمەیان لەدەست خۆماندایەودەسەڵاتیشمان هەیە ئەی بۆ نایەنوسین؟ ئێمە دەبێ بپرسین کام حوکم و دەوڵەتەمان پێ باشە؟ حوکمێکی وەك عەللاوی یان جەعفەری یان ئەنجومەنی حوکم یان دەوڵەتێکی یاسایی؟

نوسینی دەستورێك تایبەت بە کورد کە فیدراڵیەتی هەرێمی کوردی تۆختربکاتەوە جیا لە شوناسی ناوچەکانی تری عیراق، بەمانای جیابونەوە نیە لە هەیکەلی جوگرافی ئێستای عیراق ئەوەندەی دارشتنی میکانیزمی یاسایەکە بۆ خۆ بەرێوەبردن و پاراستنی ئاسایشی هەرێمەکەمان و فۆرمەڵەکردنی ئەزموون و مافەکانمان لە چوارچێوەیەکی قانونیدا،

ناکرێت لە ساتەوەختی هەبوونی ئەو ترسانەدا سەرجەم خەون و ستراتیجەکانمان ببەستینەوە بە هەڵبژاردنەوە کە رەنگە دنیایەك تەلاعوب و فێڵی تێدابێت، دەکرێت هەر لێرەشدا بپرسین گرانت چییە بۆ ئەو دەستورەی نوسیمان؟ کە ئەم حکومەتە تازەیەی پاش 15 ی دێسەمبەر جێبەجێی بکات و پشتگوێی نەخات ؟ یان ئەبێتە چەتری پاراستنی مافەکانی کورد؟

مەگەر لەبیرمان چوو کە بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی عیراقی چەندینجار بەڵێنی پاراستنی مافی کوردی تێدا دراوەو کەچی ئەو بەناو مافە گۆراوە بە (تمیز العنصری) پاکتاوی رەگەزی کوردوبە ئاگروباروت وەڵامی دراوەتەوە، نمونەی پەیماننامەی سیڤەروبەندە دەستوریەکانی ناوی کە وەك دەستورێکی شەرعی نێودەوڵەتیش وەهابوو تایبەت بە مافی کورد، بەڵام بۆ جێبەجێ نەکرا؟ دواتر تالاَوی لۆزان و پاشان بەڵێنەکانی سەردەمی پاشایەتی تا سەردەمی قاسم و عارفەکان و کۆدێتای بەعسیەکان و تا بە نوسینی یاسای بەرێوەبردنی کاتی دەوڵەتی عیراق کە لە سەردەمی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیماناندا نوسراو تائێستاش بەندە نوسراوەکانی ناوی جێبەجێ نەبوە وەکو ماددەی 58 ی تایبەت بە ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکوك ئەمە کۆمەکمان ناکات تا بەهۆشیارییەوە لەو ئایندەیەمان بروانین و چیتر نەکەوینە هەڵەی مێژوویی زەقەوە ؟

نوسینەوەی دەستور بەشێوەیەکی یاسایی و بەپێی ڕێسایەکی گشتی و باڵاو بەپێی سیستمێك کە ماف و ئازادیەکان و هیومانیەتی تاك و کەرامەتی هاووڵاتیان تیایدا پارێزراو بێت، پشت ئەبەستێ بە حکومەتێکی قانونی و دادپەروەری وەهاوە کە پرەنسیپی یەکسانی بکاتە ئەجێندای خۆی، پرۆسەیەکی گرنگە بەتایبەت بۆ عیراق کە هەر بستە زەمینێکی حیکایەتێکی هەڵگرتوە لە سەربوردەی تراژیدی و کارەسات و بەدەگمەن کەسێك هەیە لەم عیراقەدا کە بارگاوی نەبێت بە زام و برینەکانەوە، بۆیە لەگەڵ گرنگی دەستوردا زەمانەتی پاراستنی ماف و ئازادیەکانیش گرنگەو لەویش گرنگتر هەنگاونان بۆ شەرعیەت وەرگرتن و جێبەجێکردنی کە وەکو ئەرکێك کەوتۆتە سەر شانی ئەو حکومەت و پەرلەمانەی کە خەریکە گرنگەکەی دەر ئەکەوێت.

ئێستا کە لە سەروبەندی پرۆسەیەکی تازەداین کە بە پرۆسەی هەڵبژاردنی 12/15 ناودێر ئەکرێت کە هەموو جیهان چاوەڕوانی ئەنجامەکانی ئەکات بۆ سەرلەنوێ بنیاکردنەوەی هەیکەلی داروخاوی عێراق  کە تاکە سیمای ناسینەوەی عێراقی پاش بەعسیزمە، ڕەنگە گەر ئێمە قسە لەدەرەنجامە باش و خراپەکانی هەڵبژاردن بکەین وەك پرۆسەیەکی دیموکراسی و بەرهەمی عەقڵی ڕۆژئاوایی ئەوا بگەینە کۆمەڵێك دەرەنجامی خراپ و پاسیڤ، بۆیە ووروژاندنی تۆزێك زەحمەتەو خودی بنەما مەدەنی و فکریەکەی پرۆسەکەش ئەخاتە مەترسییەوە بەڵام چونکە ئەم پرۆسەیە هەر لەسەرەتاوە بۆ بەرێکردنی قۆناغە سەختەکەیەو دەستکاریکردنی ستراکتۆری سیاسیانەی عێراقیشە، ئەوا لاقەی ئەو ڕەهەندە ناکەین بەو پێیەی دارشتنەوەیەکی جەوهەری ئەکرێت بەسەر کۆی ئەو بونیادە تۆتالیتارەی کە بەعس کاری لەسەر کردبوو کە ئەمە مەبەستە سەرەکیەکەی تاکی عێراقیە و خودی هەڵبژاردن و چالاکی دەنگدانیش بۆ مومارەسەکردنە لە سەر دیموکراسیەت، بەڵام گرنگە بەدیوەکەی تردا زۆرترین قسەی لە بارەوە بکەین تا ئاستی ووردەکاری زۆر وورد، لێرەوە بۆ قسەکردن لە سەر پرسێکی لەم جۆرە دەکرێت لە ڕوانگەی گلۆبالیزمەوە ئێمە بێینە نێو پرسەکەوە، بەو پێیەی خودی جەنگی ڕزگاری عێراق درێژکراوەی جەنگێکی جیهانی و کۆسمۆپلیتیانەیە و یانزەی سێبتەمبەر ڕەنگرێژیکرد و لە ئەفغانستانەوە درێژبویەوە تا عێراق، شەری تیرۆرو دەرهاوێشتەکانی ئەو ڕوبەرە بەرفراوانەی کە ئەمریکا دروستی کرد بۆ لەناو بردنی هێلانەکانی تیرۆر زادەی ئەو حاڵەتە کوشتوبروتراژیدیەبوو کە جیهانی لە لێواری مەرگی بەردەوام نزیك کردبویەوەو تادەهات ئەم ترسەش لە سەردەستی دەوڵەتە دیکتاتۆریەکانی وەکو تالیبان و سەدام و زمانی فتوادەرەکانەوە  زیادی ئەکرد کە بووبوونە یارمەتیدەرو ئیلهامدەری ڕێخراوە توندوتیژو ئیرهاب پیشەکان.

ئەگەر قەناعەت بەوە بهێنین کە جەنگی دژە تیرۆر بۆ خۆی فەزایەکی جیاوازترو مێژوویەکی نوێی دروستکرد کە گۆڕانێکی ڕادیکالانەی خستەوە ئەبێت لەگەڵ ئەو قەناعەتەشدا ئەوە بزانین کە هیچ لایەنێك بەدەر نییە لەو باهۆزی گۆڕانکاریانەوداخڵبوون بە فەزایەکی چۆنایەتی نوێ بە ئاراستەی خەیاڵ و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا، بەو پێیە نابێت ئێمە وەك گەلی کورد تەنها فیزیکی و لە سەر ئاستی پراکتیکێکی مەرحەلی پرۆسەی خۆ گۆڕینەکە دەست پێبکەین ئەوەندەی ئەبێت ئەم گۆڕانکاریە بگوازینەوە بۆ تیۆرو گوتارو مامەڵە مەعریفیمان، لێرەوە مەعریفەی سیاسیش ئەبێت لە بازنەیەکی تیۆریەوە بگوازینەوە بۆ پرۆسیسێکی عەقڵانی و بەرژەوەندخوازیانەوبەپێی لۆژیکی ڕۆژانە مامەڵەی بکەین و بەردەوام گۆڕانکاری هەڵبگرێت، لە کاتێکدا تۆ ئەمرۆ دۆستی منیت ئەبێت بزانم بەرهەم و دەستکەوتی ئەو دۆستایەتیە چیەو هەروەك چۆن ئەوانەی دوێنێ لە بەغداو بیارە دوژمنمان بوون زانیمان بەرهەم و دەستکەوتی ئەو دوژمنایەتیە چی بوو وە لە داهاتوشدا چی ئەبێت، بۆیە مەعریفەی سیاسی مەعریفەیەکە شتەکان بە ئاشکرایی را ئەگەیەنێت و موجامەلات نازانێ و تەقە لە دەرگای هەر شتێك ئەدات کە مەبەستیەتی، واتە کردەیەکی ئەبستراکتە و خۆی رووت ئەکاتەوە لە هەر عاتیفەو گوتارێکی سۆزدارانە، ئەوەندەی لە سەر سودو قازانج یان دەستکەوت و باج ئەوەستێت لە سەر هیچ شتێکی دیکە ناوەستێت، پێناسەی خۆی لەو خاڵەوە وەرئەگرێت کە تاچ رادەیەك ئێمەبەرهەم ئەچنینەوەو ئەتوانین زاڵ بین بە سەر عاتیفەماندا، چونکە کاتێك ئەو عەتفەمان کوشت لە نێوخەیاڵدانی گوتاری سیاسی خۆماندا ئەوا ئەگەینە وێسگەیەك کە بەردەممان ڕۆشن ئەکاتەوە تا بە پێوەرە لۆژیکی و عەقڵیەکان کار بکەین و خێرا بە وەڵام بێین بۆ ئەو پرسیارانەی کە تائێستاش وەڵامەکەی نازانین.

دواجار مەعریفەی سیاسی ئەتوانێت پێمان بڵێت ئەوەی ئێمە وەك پرد دروستمانکردوە لە گەڵ ئەمریکادا خەیاڵ و عاتیفەیە و هەر لەحزەیەك لە باریدا هەیە کە ئەو هاوکێشەیە ئاوەژوو بێتەوەو کۆشکی سپیمان لێ بێتە کۆشکی ڕەش و ئەو هەموو لیستەی بەردەم هەڵبژاردنیش وەك کەرەستەی بێ گیانی دیموکراسی تەماشایان بکەین و بۆمان دەرکەوێت چ کۆمیدیایەکی تراژیدیانەیە و نەتوانن سادەترین چەمك بگۆڕن، ئاخر بانگەشە بۆ دیموکراسی بەبێ گۆڕان و دەستکاریکردنی نەگۆڕەکان بەرجەستەکەری کۆمەڵگایەکی خوراڤ و بێ گیانە چونکە ئەو هێزانەی ئەمرۆ گرەو لە سەر دیموکراسی ئەکەن ئەوە ڕێك گرەوە لەسەر چەمکە نەگۆڕو تەقلیدیەکان و هێزە غەیبانیەکان بۆ حوکم ئەمەش ئەوەیە کە ئەمریکیەکان لارییان لەسەری نییە و گرنگ تۆمارکردنە بە سەرکەوتنی ئەمریکیەکان.